دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە، و (ووتنی) -الحمد لله- تەرازووەکان پڕ دەکات، و (ووتنی) -سبحان الله- نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکات

لە ئەبی مالیکی ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دەستنوێژگرتن نیوەی ئیمانە، و (ووتنی) -الحمد لله- تەرازووەکان پڕ دەکات، و (ووتنی) -سبحان الله- نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکات، ونوێژکردن نور وڕۆشناییە، وخێرکردن بەڵگەیە، وئارامگرتن ڕووناکیە، وقورئان بەڵگەیە بۆت یان لە دژت، هەموو خەڵکی بەیانی بەسەردا دێت: نەفسی خۆی دەفرۆشێت؛ یان ڕزگاری دەکات یان تیا دەچێت (بەهۆی چوونە دۆزەخ)».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە پاکبوونەوەی دەرەکی -ئاشکرا- بریتیە لە دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن وئەمیش مەرجە بۆ قبوڵبوونی نوێژ. کاتێک دەفەرموێت: (-الحمد لله- تەرازووی چاکەکان پڕ دەکات)، وئەم زیکرە ستایشکردنی خوای گەورەیە بە سیفاتەکانی کاملبوونی لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشویستنی و بەمەزندانانی، ووتنی -سبحان الله- دانپێدانانە بەوەی خوای گەورە بەرئیە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وپاک وپیرۆزە، ئەم زیکرە دەکێشرێت لە ڕۆژی قیامەتدا بۆیە تەرازووی کردەوەکان پڕ دەکات. وکاتێک دەفەرموێت: (-سبحان الله والحمد لله-) ؛ ئەمە بەپاکدانانی خوای گەورەیە لە هەموو کەموکورتیەک و وەسفکردنیەتی بە کەمالّ وتەواوی بەو شێوەیەی شیاوی شکۆداریەتی لەگەڵ خۆشویستنی و بەگەورەدانانی کە هێندەی نێوان ئاسمانەکان وزەوی پڕ دەکاتەوە. و(نوێژ ڕۆشناییە) بۆ بەندە لە دڵی، وڕووی، ولە گۆڕەکەیدا ولە ڕۆژی قیامەت. و(خێرکردن بەڵگەیە) ؛ بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی باوەڕی ئیماندار، وجیای دەکاتەوە لە منافیق کە خێر ناکات چونکە باوەڕی بە پەیمان پێدان لەسەری نیە. و(ئارامگرتن ڕۆشناییە)؛ بریتیە لە بەندکردنی نەفس لە تووڕەیی وناڕەزایی دەربڕین وهەروەها گەرمی لەگەڵدایە، وەکو ڕۆشنایی خۆر ؛ چونکە سەختە بۆیە پێویستی بە جیهادکرنی نەفس هەیە وهەروەها بەندکردنی لەوەی نەفس حەزی پێی هەیە، بۆیە ئیماندار بەردەوام ڕۆشندار وهیدایەتدراوە ولەسەر ڕێگای ڕاست بەردەوامە، وئەمیش ئارامگرتنە لەسەر گوێڕایەڵی الله، ودووركەوتنەوە لە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، وهەروەها ئارامگرتنە لەسەر ناڕەحەتیەکان وجۆرەکانی ناخۆشی لە دونیادا. و(قورئان بەڵگەیە بۆت)؛ ئەمیش بە خوێندنی وکردەوە پێکردنی، یان (بەڵگەیە لە دژت)؛ ئەمیش بە دوورکەوتنەوە لە خوێندنی یان کردەوەپێکردنی. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە هەموو خەڵکی هەوڵدەدەن وبڵاو دەبنەوە وهەڵدەستن لە خەوەکانیان ودەردەچن لە ماڵەکانیان بۆ کردنی کاری جیاواز، تێیاندایە گوێڕایەڵی خوای گەورەیە بۆیە نەفسی خۆی دەرباز دەکات لە چوونە دۆزەخ، وتێیاندایە لادەدات لەمە وتووشی گوناهـ وتاوانەکان دەبێت بۆیە خۆی تووشی تیاچوون دەکات بەچوونە دۆزەخ.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee